# گەشتێک بۆ بیرەوەریستان

[هەژێن](#)
19.07.2007

## بەشی یەکەم/ هێڵی هەوایی زۆزگ (zozik-air)

یازدە ساڵ بوو، هەردەم پلانم دادەڕێژا سەردانێکی زێدم بکەم، زێد ئەو چوارچێوە جوگرافییەی کە بیرەوەرییەکانم لە خۆ دەگرێت، زێدی من نیشتمانێک نییە ئالایەکی هەبێ و سوپا و پۆلیس و دەوڵەتی پێویست بێت، زێدی من بەدەم ڕەشەبای ڕووداوەکانی ڕۆژگارەوە هەر لە لەدایکبوونمەوە تا ئەڕۆکە بە سەراپای جیهاندا بلاوبووەتەوە، ئەگەر درۆبێ بلێم جیهان نیشتمانم، ئەوا لە زۆر گۆشەی ئەم جیهانەدا نیشتمانێکم بەجێهێشتووە.

کاتێک کە بڕیارم دا نەمدەزانی بۆ کامیان بچم، هەموویان لام ئازیزن، شەو نییە بیریان لێ نەکەمەوە، کەم شەو هەیە خەونیان پێوە نەبینم. ئەگەر بڕیاربێت ڕۆژێک ئازادانە یەکێکیان بە شوێنی هەتایی ژیانم هەڵبژێرم، ئەوا ئەوەیانە کە زۆرترین ڕۆژەکانی تەمەنم تێیدا لە گڵکۆ ناوە، هەڵدەبژێرم.

لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا هەواڵی دوو جار جەڵتەی مێشکی باوکم پێ گەیشت و دەیانوت "هەردەم داوای تۆ دەکات". منێک کە لەگەڵ وی هەموو تەمەنم دوو مانگ پێکەوە دانومان نەکولاوە. تامەزرۆی یاداوەرییەکانم و ئارەزووی دیداری هاوەڵەکانم و بزوانی سۆزێک بۆ باوکم کە پێشتر هەستم پێنەکردووە، گەیاندمییە ئەو رایەی، ئەگەر دوا ئاواتی مرۆڤێک دیداری من بێت، ئەوا سەرەڕای هەر ڕێگرییەکی مادی و ڕۆتین، بەزووی خۆم دەگەیێنمەوە گەورەترین پارچەی زێدەکەم.

چۆن بڕۆمەوە، بە کوێدا بڕۆمەوە، کام ڕێگەیان کورتترە، پێش جەڵدەیەکی تر لە مێشی باوکم بداتەوە، دەگەم و کەمتری تێدەچێت؟ ئەمە ئەو پرسیارانە بوون، کە چەند هەفتە منیان بەخۆوە خەریک کردبوو. پاش پرسیار و پرسکردن بە کەسانێک کە سالانە چەندجار دەڕۆنەوە، لە ڕووی کات و نرخەوە، کەوتمە بەراورد لەنێوان هێڵە ئاسمانییەکانی تورکییە و کوردستان. وتیان و بۆشم دەرکەوت، بەو دەمودەستە، هەر هێڵی کوردستان گونجاوترە و لەنێوان هێڵەکانی کوردستانیشدا، کەوتمە بەراورد لەوەی کامەیان لە نزیکترین کاتدا دەمگەیێنێتە کوردستان. زەنگم بۆ نووسینگەی زۆزگ لە میونیخی ئالمان لێدا و خانمێکی فارسی زمان، وتی دەتوانم (چواردەی ئەپریل)ت بۆ دیاری بکەم، نرخەکەی 660 یۆرۆیە، پێش ئەو ڕۆژە شوێنی چۆڵمان نییە! چار نەبوو، منیش وتم باشە.

گەشتکردن، خۆشە، بەلام بەرەو کوردستان نا، ئەوەش نەک لەبەر ناخۆشی کوردستان، بەڵکو لەبەر بێگاری و توخوای ئەم و ئەو. نۆرەی بردنەوەی شتومەکی خەڵکی هات، وەک کەر بارکرام، برادەرێک وتی دووسەد گرام کاریم هەیە بۆ دایکم، یەکێکی تر، یەکێکی تر پێنج هەزار دۆلار، ئەوی تر 600 دۆلار و ئەوی تر 1500، ئەوی تر لە ئالمان چاوەڕێ بوو بگەم، سێ هەزار دۆلار، ئەویتریان پێلاو و پاپوچ و...تد. ڕاستییەکەی دەستم بە ڕووی زۆربەی پارە نێرەرەکاندا نا، تەنیا یەکێکیان نەبێت، ئەویش نەمدەتوانی لەژێر باری منەتی دەرچم، پێم وت ئەگەر باوکیشم داوای ئەوەی لێ کردبام، ڕەتم دەکردەوە، خۆت دەزانی یازدە ساڵە نەچووم و باوکیشم لە چرکە و ساتدایە بمرێت، ئەترسم ئەم پارەیە گرفتم بۆ دروستکات. وتی "هیچ

نییە!"

زۆر هەوڵم دا پارەکە بە ڕەد و بەدەل بنێرمەوە و بۆخۆم خەیاڵی ئاسوودە گەشتەکەم بکەم. ئاخر بۆ کەسێک بێکار بێت و چەند هەزار دۆلاری لە فرۆکەخانە پێ بگیرێت، ناوی دەچێتە لیستی ڕەشەوە. بیستبووم کە خەڵکی تر لەسەر پارە تووشی سەر ئێشە بوون. پێنج هەزاری برادەرەکە و دوو هەزاری خۆم کە بە هەزار و یەک بەدبەختی پێکەوە نابوو، خستە پشتبەرگی دەفتەرتەلەفۆنێکەوە. لەگەڵ کامێرا و هەندێک دیاری خزمەکەم خستمە جانتایەکی دەستییەوە.

بۆ دوورخستنەوەی ئەگەری هەر ڕێگری و گیروگرفتێک، ڕۆژێ پێش گەشتەکەم، خۆم گەیاندە شاری میونیخی ئاڵمان، ماڵی ئەو خزمەم کە تیکتەکەی بۆ بڕی بووم. بۆ دڵنیابوون و ڕەواندنەوەی گۆمانە هەمیشەییەکانم، چاوێکم بە تیکتەکەدا خشاند، نەکا ناوەکەم بە هەلە نووسرابێت، چۆنم پێشبینی کردبوو، هەروا دەرچوو، نێوی فامیلیمی تێدا نەنووسرابوو. بەیانی ڕۆژی گەشتەکە، چوومە نووسینگەی زۆزگ و هەمان خاتوونی ئێرانی لەوێ بوو.

نووسینگەیەکی مات، دوو مێز لە تەنیشت یەک، ئەوەی کە هەموو هێزەکانی دونیا لە تەک یەکدا کۆیان ناکاتەوە، سەرمایە و سوود، هاوتای کردبوون؛ ئاڵای کوردستان و ئاڵای کۆماری ئیسلامی ئێران!

مێزەکەی زۆزگ کەسی لە پشت نەبوو، لەپشت مێزەکەی سەبا وە خانمێکی فارسی زمان فەرمووی لێکردم، منیش گرفتەکەی خۆمم تێگەیاند. زۆر بە نەرمی وەڵامی دامەوە و وتی "شەو کاتێک هاتی بۆ فرۆکەخانە، لەوێ پێیان دەڵێم ناوەکەت بۆ چاک بکەن". ئێمەش بە دڵخۆشی و خاترجەمییەوە، بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. هەرچۆن بوو، خۆم خەریک کردوو و ئەو نیوەڕۆژەی مابوو بەسەرم برد.

کاتژمێر 7:20 لەماڵ بەرەو فرۆکەخانە دەرچووین، سواری شەمەندەفەربووین، دوو وێستکە پێش فرۆکەخانە شەمەندەفەرەکە وەستا، پاش کەمێک لە پڕ خزمەکەم وتی " بەلە کەن، دەبێت لەم وێستگەیە دابەزین، بچینە فارگۆنی دووەم". بە پەلە دابەزین تا خۆمان بگەیێنینە فارگۆنی دووەمی شەمەندەفەرەکە. کاتێک کە بە ئاگاهاتم جانتا دەستییەکەم لێ جێ مابوو، هەر چەند دام لە دەرگەی شەمەندەفەرەکە، بەڵام درەنگ بوو. نە فریای چوونە فارگۆنی دووەم کەوتم نە فریای گەڕانەوە ناو فارگۆنی یەکەم.شەمەندەفەرەکە خێرا دەرگەکانی داخستەوە و دەرچوو.

پاش بێنە و بەردەیەکی زۆر، تەلەفۆن بۆ پۆلیس و پۆلیسی هێڵی ئاسن، کار لە کار ترازابوو. هەرچۆن بوو بە گیرفانی بەتاڵەوە گەیشتمە فرۆکەخانە و چوومە سەرەی بەردەم کارمەندانی زۆزگ و خانمە ئێرانییەکەش دەرکەوت. لێم هاتە پێشەوە و وتی "بۆ وا شێواوی؟" وتم تیکتەکەم لەناو جانتایەکی دەستیدا لە شەمەندەفەرەکەدا لێم جێما و ئێستا نازانم چی بکەم. وتی "هێور بەوە و تا قسە لەگەڵ زۆزگ دەکەین."

سەرەم هات و چومەپێش و پاش سڵاو ئەملاو ئەولا، کارمەندەکە وتی "تیکتەکەت"، وتم ونم کردووە و ئەوەش چۆنییەتی ونکردنی. وتی "کەواتە هیچ، من ناتوانم هیچت بۆ بکەم!" وتم چۆن، ئەوەی ونم کردووە پارچە کاخەزێکە و من 660 یۆرۆم بە ئێوەداوە، سەیری ناو لاپتۆپەکەت بکە و ئەوە شوناسنامە و ئەوە پاسپۆرت، چۆن ناتوانی هیچم بۆ بکەی؟ وتی "وتم ناتوانم و تکایە کاتم مەگرە!"

بەوەلامدانەوەکەی چاوم پەڕییە تەوقی سەرم. خانمە ئێرانییەکە هاتە پێش و بە ئاڵمانی پێی وت " ئەم کەسە، ئەورۆ هاتە نووسینگە و ئاگاداری کردم کە فامیلی ناوەکەی لەسەر تیکتەکە نە نووسراوە و تیکتەکەی بە من نیشانداوە و هیچ گومانم لە قسەکانی نییە!"
کابرای زۆزگ لە وەڵامدا وتی "من ناتوانم هیچ بکەم و تەواو". خانمەکە تورە بوو و وتی " چی تەواو، ئەو تیکتی کڕیوە و پارەی داوە، ئێستا تیکتەکەی لێ ونبووە و ناوەکەی لای تۆ هەیە و دەتوانی بە بینینی شوناسنامە و پاسپۆرتەکەی تیکتێکی تری بۆ بکەیت." هاونیشتمانییەکەی زۆزگ چەندبارە وتی " ناتوانم، واتە ناتوانم".

خانمەکە زۆر لێی پەست بووبوو، وتی "من لە ئەستۆی خۆم بۆ دەکەم و هەر شتێکیش بوو، من ئامادەی وەڵامدانەوەم."
کارمەندەکەی زۆزک وتی "نابێت، من بەرپرسیار دەبم!" خانمەکە وتی " منیش بەرپرسیارم و من تیکتم بۆ بڕیوە و ئەورۆ هاتۆتە لای من و ئێستا لێیقەوماوە و من ئامادەم هەموو لێپرسراوەتییەک لە ئەستۆ بگرم".
کابرای زۆزک وتی "دەی باشە، دەبێت تۆ نامەیەکیش بۆ من بنووسی کە لە ئەستۆی تۆیە!" خانمەکە وتی " بۆ دڵنیاییت 660 یۆرۆکەش دەخەوێنم و بەلام من و تۆ پاشان ئەمە ساخ دەکەینەوە". لەم کاتەدا زەنگی تەلەفۆنی خانمەکە لێیدا و وەلامی داوە " بەڵێ گیانەکەم، ببورە من دەرگیری گرفتی تیکتێکم و ناتوانم ئەو کەسە لەو بارە دەرونییە شێواوەدا بەجێ بهێڵم. کەسەکە جانتاکەی لە شەمەندەفەردا لێ بەجێماوە و تیکت و پارە و شتەکانی لەدەستچوون...... دەزانم ئەزیزەکەم لە چاوەڕوانیدا ڕامگرتووی، بەلام من نەمدەزانی شتی وا دێتە پێشەوە." لە قسەکانیدا دیار بوو هاوسەرەکەی چاوەڕوانی بوو. هێندەی تر بەرامبەر زۆزگ و کارمەندەکانی نەفرەتم لێدەباری ، خەمی دواکەوتنی ئەو خانمەش هاتە سەر ونکردنی جانتاکەم و پەرێشانتری کردم.

خانمەکە کاخەزەکانی لە کارمەندەکە وەرگرت و فۆرمی لێپرسراوەتی بۆ پڕکردەوە و ئیمزای کرد و بە پڕکردنەوەی تیکتەکەی منەوە خەریک بوو. لەکاتی پڕکردنەوەی تیکتەکەدا زیاد لە دە جار کاکی کارمەند بە خانمەکەی وتەوە " ئاخر بە خۆت لێپرسراوی" ، دواجار خانمەکە لێی تورە بوو، وتی "دەڵێی تۆ لە من ناگەی، من دەڵێم بەڵێ من لێپرسراوم و ئەوەش 660 یۆرۆکە!"

لەم کاتەدا نۆرەی کەسێکی کە بوو، کە دواکەس بوو لە پاش من. کارمەندەکەی زۆزگ لێی پرسی "کوا تیکتەکەت"، ئەویش لە وەڵامدا وتی " لای خۆتانە، تەنیا تیکتی شەمەندەفەرەکەتان بۆم ناردووە". کارمەندەکە وتی شتی وا نابێت، بۆمان ناردووی. کابرا لە وەلامدا وتی " ئەگەر ناردووتانە، بۆ نەگەیشتووە، بۆ تیکتی شەمەندەفەرەکە گەیشت؟ من هەر ئەم نامەیەم پێ گەیشتووە و نامەکەش وەک وتم، تەنیا تیکتی شەمەندەفەرەکەی تێدا بوو"....

خانمەکە تیکتەکەی دایە دەستم، ویستم سوپاسی بکەم و دەستی بگوشم، وتی "ڕاکە یازدە دەقیقەت ماوە و سێ دەقەی تر وەرگرتنی جانتاش دادەخرێت. بە پەلە جانتا گەورەکەم، کە بێجگە لە دوو پانتۆل و دوو کراس و خاولییەک، هیچی خۆمی تێدا نەبوو، پڕبوو لە بێگاری خەڵک، گەیاندمە شوێنی خۆی و پاش وەرگرتنی بۆردینگ کارتەکە بەرەو کۆنترۆڵی پاسپۆت و ترانزێت ڕامکرد....

هەرچۆن بوو سواری فرۆکەی پڕ هەڵای کوردان بووم و ئەو شەوە لە تەنیایی و قولایی ئاسماندا خەمی ونکردنی

پارەی بێگاری خەلکی و تورەییم لە کاکی کارمەندی زۆزگ، خەویان لە چاوانم زڕاند و دووری نێوان میونیخ و سلێمانیم لێ بووە دووری زەوی و مەریخ. کات 4ی بەیانی لەگەڵ چەپڵەڕێزانی هاوگەشتەکانم لە خەیاڵە ترش و تاڵەکانم بە ئاگا هاتم و گەیشتینە فرۆکەخانەی سلێمانی. بەڵام من هیچ دڵخۆش نەبووم، نەک تەنیا لەبەر ونکردنی جانتاکەم، بەڵکو لە گرفتەکانی کاتی گەڕانەوە دەترسام، کە هەمانگرفتی ناوی فامیلی بێتە ڕێم، ئاخر کارمەندێک لە فرۆکەخانەی (میونیخ)ی ئاڵمانیا دا وەک قاچاخچییەک ڕەفتار بکات، ئاخۆ هاوەڵەکانی لە سلێمانیدا چی بکەن؟